# پرنسیبه نزم و بێ نرخەکان !

*ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی* *سیزدەی فوریەی ٢٠١٦*

چەند ڕۆژ لە مەو پێش ، بە ئیبتکاری ڕێبەرانی کوردستانی باشور و کەسایەتی دوکتور " کەریم" ناوەندی فەرهەنگی و ورزشی جەناب خمینی ، لە شاری کەرکووک کرایەوە . وێنەی ئیعدامە کانی فڕۆکەخانەی شاری سنە ، پاڵ دیواری نەخۆشخانەی شاری پاوە و پادەگانی شاری مەریوان هێشتا نەیتوانیوە ، قەناعەت بە پارتەکانی باشوور بهێنێت ، کە هەموو جەنایەتەکان دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستوری ڕاستەوخۆی جەناب خومینی ئەنجام درا . و جیهادی دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕاگەیاند، کە خەڵکی کوردی کوشتار، زیندان و ئاوارە کرد .

دەبوایەپەیام و ڕاسپاردەی ئەو ئیعدامانە ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەرسی عیبرەتێک بۆ حکومەتی هەرێم بوایە . کردنەوەی ئەم ناوەندە لە شاری کەرکووک ، شارۆمەندانی نائومێد کردوە. چۆڕاوەی بیر و ئەندیشە ی تێکۆشەرانی دامەزراندنی ئەم ناوەندە ،تەنها بێ حورمەتی و ئیهانەت بە چل میلیون کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو . لەم کارە نە شیاوەدا، پرنسیبی بەرزیان نیشان نەدا و گەمەیان بەمتمانەی خەڵک کرد . مەگەر قارەمانان وگیان بەخت کردووانی کەرکووک ، ئەوەندە ستاتوس و خۆشەویستی هەرێمی کەرکووک و کوردستان نین ، کە ئەم ناوەندە فەرهەنگیە بە ناو ئەوانەوە بێت !

دەبوا سەرقافلەی کاروانی ڕۆشنبیری کەرکووک ، بیر لە مێژوو بکەنەوە . مێژووی هاوچەرخ زۆر بێرەحمە وببڕای بیر و هەرگیز تاوانباران نابەخشێت . دوور نیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوەندی فەرهەنگی وڕووناکبیری ژنراڵ ڕەزا شا ( نەخوێندەوار بوو ) وژنراڵ ئاتاتورک و ژنراڵ حافز ئەسەدیش لە هەڵەبجە ،دهۆک ، سلێمانی و هەولێریش دامەزرێت . دەبوا ڕیبەرانی پارتەکانی باشور، ئاستی نەفرەت و بیزاری جەماوەری تێگەیشتووی خەڵک، لەم شێوە هەڵسو کەوتە دوواکەوتوانە بزانن . لە پێچە دژوارەکانی مێژووودا ،هەمیشە و بێگومان هەڵویستی حەکیمانە و سەرفەرازانە پێویستە. ئەگێنا بازرگانی بە پارە و خوێن ، کارێکی دژوار و سەخت نیە . ئابڕووی مرۆڤ ئەگەر تکا و شەرمی مرۆڤ ئەگەر شکا ، هەل و مەرجی خۆ بەکەم زانین ، سایکۆلۆژی ڕووخاو و کارەساتی فرە تاڵ نوێنەرایەی

دەکات . سیاسەت هونەری مومکینە. بەداخەوە ڕێبەرانی باشوور ، دەیان ساڵی نووری ، لە سیاسەت دوورن و گاڵتە بە ڕەنجبەرانی کوردستان دەکەن . ئاستی ناوەندە شوڤاری وجاسوسیەکانی وڵاتانی عەرەبی ،تورکیا و ئێران لە شارەکانی باشوور ، هەموو سنورێکی بەزاندووە و خەڵکیان تووشی پەتای جاسوسی کردووە . هێشتا ڕێبەرانی پارتەکانی باشور ، سنووری دەسەڵاتی خۆیان ناناسن و وەک دەسەڵاتێکی داهۆڵی کاردەکەن . سەبارەت بە زمانی کوردی و زمانی یەکگرتوو ، تاقە یەک هەنگاویان نە ناوە و ناوندێکیان بە ناوی ئاکادیمیای زمانی کوردی داناوە ، کە لە کارتۆن دەچێت و تەنها کار بۆ بەرز کردنەوەی دیواری بەرتەسکی حیزبی دەکات .

بۆ ئاگاداریتان ئاکادیمیای دەورانی ژنڕال سەدام زۆر پێشکەوتوو تر لە هی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو . ژنان لەم قەوارە سیاسیەی حکومەتی هەرێم ، خاوەنی مافی خۆیان نین . پیاوسالاری و دژایەتی لە گەڵ مافی ژنان ، وەک کاری ڕۆتینی حیزبی لێهاتوە . ڕێژەی کوشتار و سوتاندن و بزر کردنی پەیکەری ژنان ، کەمی نە کردووە و ڕوو لە گەشەیە . ڕێبەرانی حیزبی حازر نین لە گەڵ هاوسەرەکانیان لە مەراسم و ئاهەنگی نیشتمانی ، نەتەویی و میللیدا ، بەشداری کەن ، ئێتر چۆن دەتوانن لە مافی ژنان ڕێز بگرن .

ناوی مانگەکانی کوردی زۆر لە گەڵ سروشتی کوردستان گونجاوە، کە چی لە باتی گەلاوێژ، بەفرانبار، خەرمانان، ڕەزبەر و گەڵاڕێزان هیشتا هەر ناوە ڕۆمیەکان وەک ئەیلول، ئاب، حوزەیران و کانوون بەکار دێنن . چاوە ڕوان دەکرا حکومەتی هەرێم ، ڕێک خەر، سازماندە و پارێزەر بێت . کەچی هیچ کام لەم خەسڵەتانە ی نیە و داهاتی نەوتی خاو و داهاتی گومرکەکان بە بەرچاوی شارۆمەندانی باشورەوە هەڵدەلوشێت . و ژیانێکی "خۆش نە ژین " یان بە سەر جەماوری خەڵکدا، بە شیوەیەکی بێڕەحمانە و دیکتاتورئاسا داسەپاندووە .

بە گشتی مێدیاکانی باشور حیزبی و بە هیچ شێوەیەک نیشتمانی و نەتەویی نین و هەر بە باڵای سەرۆک حیزبدا دەڵێن. زۆربەی مێدیاکانی باشوور وەک ئامێرێکی پێشکەوتوو، بانگەوازی عەدالەت، مافی ژنان ودیموکراسی ناکەن . ئەرکی مێدیای پێشڕەو کونتڕۆڵی دەسەڵاتی ڕێبەرایەتی و حیزبییە. ئیستا بیر و ڕای گشتی جیهان واقیان وڕ ماوە ، کە ڕێبەرانی ئەم هەرێمە بۆچی قازانج و مەسڵەحەتی گەلی کورد بەلایانەوە گاڵتە جاڕە ؟؟ دەرفەتی چاک لە سایەی هێزی پێشمەرگە و فیداکاری ڕۆڵەکانی گەل خولقاوە و، خەریکە بە فیرۆ و خەسار دەچێت .

نەدەبوا حکومەتی هەرێم و پارتەکان ، دەستیان لە گەڵ داگیرکارانی کوردستان تێکەڵ کردبایە و پێکەوە سەروت و سامانی کوردستان هەڵلوشن وتاڵان کەن ! دەسەڵاتی کارتونی پێک هێنەری گەندەلی ، دزی، بەرتیل خۆری و نە پاراستنی ژینگەی جوان و دڵڕفێنی کوردستانە . حکومەتی هەرێم خاوەنی هیچ چەشنە پلاتفورم و بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی نیە . سەرخان و ژێرخانی ئابوری هەرێمی کوردستان هەڵتەکاوە و داڕوخاوە .

ئەم بارودۆخە بۆ فاشیزمی ئیسلامی ئێران ، کەمالیزمی تورکیا و شوینیزمی عیراق فرە بە قازانجە. داگیرکاران مانگانە بە ملیاردها دولار لە سەروت و سامانی باشوری کوردستان هەڵدەلوشن . ئایا ئەو ناوەندە فەرهەنگیە بەناوی ، شێرکۆ بێکەس، ئازاد هەورامی ، عبدولخالق مەعروف ، ئیبراهیم ئەحمەد ، پێشمەرگە و گریلاکانی کوردستان ،شاسوار جەلال،عەلی عەسکەری ، ئیسمایل بێشکچی ، فاخیر مێرگەسووری و ... بوایە ، کەسێک لە گوڵ کالتری پێ دەگوتن ؟ شکستێکی کارەساتبار چاوڕوانمان دەکات, چونکوو بە ڕاستی هەڵویستەکەیان نزم و بێ نرخ بوو .

**2016 02 13**

---